# تا سەر ئێسقان

# ژن

( قوبادی جەلی زادە )



وەک ئێوە منیش پیاوێکی رەش و سپی بووم ..

سپی وەک رەژوو

رەش وەک  بەفر !

ژنێک کە هەر دە پەنجەکانی رەنگ بون ،

هات  رەنگی کردم !

پرچم قاوەیی و

چاوم کاڵ و

پێستم گەنمی و

چاوێلکەکەم فۆتۆگری و

ملپێچەکەم فستقی و

ساقۆکەم حەلوایی .

ژنێک کە زەردەخەنەکەی ، دارستانێک رەنگ بوو ..

لێوی رەنگ کردم بە

ماچ .

ردێنی رەنگ کردم بە

عەتر .

سمێڵی رەنگ کردم بە

گوێزان .

منيش وەك ئێوە ،

پیاوێکی رەش و سپی بووم ..

ژنێک کە سەرتاپای رۆحی رەنگ بوو :

قەڵەمەکەی رەنگ کردم بە

داهێنان .

ووشەکانی رەنگ کردم بە

جورئەت .

قەسیدەکانی رەنگ کردم بە

راستگۆیی .

هۆنراوەیەکی ناو نام :

( تا سەر ئێسقان ژن )

منیش وەك ئێوە ، براینە ..

سپیترین خەڵووزو رەشترین بەفر بووم ..،

ژنێک کە پەنجەکانی دە رووباری رەنگ بوون ......،

پەنجەکانی شەلاّلی رەنگ کردم .

ئێستا من ،

تۆفانێک رەنگم ..

پیاوە رەش و سپیەکان رەنگ دەکەم .

ژنە رەشو سپیەکان رەنگ دەکەم .

نیشتمان رەنگ دەکەم .

مێژوو رەنک دەکەم .

رەنگ ، رەنگ دەکەم !!